


# بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن

## لە چیرۆکی (ڕازی پشت پەردەی نارنجی)ی عەتا نەهاییدا

**حەمە مەنتک**

ئەم دوو چەمکەی سەرەوە (بوونی ڕەسەن، بوونی ناڕەسەن) چەمکگەلێکی فەلسەفین. هایدیگەر خاوەنی ئەم چەمکانەیە. ئێمە بە ڕووخسەتی هایدیگەر لەومان قەرزکردوون. دەمانەوێت لەژێر ڕۆشنایی ئەم چەمکانەدا لە چیرۆکی (ڕازی پشت پەردەی نارنجی)ی عەتا نەهایی بکۆڵینەوە، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت ئەم لێکۆڵینەوەیەمان فەلسەفی خۆی بنوێنێت، نەخێر تەنێ بە یارمەتیی ئەو چەمکانە هەوڵدەدەین کۆدەکانی نێو ئەم چیرۆکە بکەینەوە.



با سەرەتا بە پێناسەیەکی کورتیش بێت بە چەند دێڕێک بزانین بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن چین؟ لە دیدی هایدیگەرەوە بوونی ڕەسەن «ئەو بوونەیە کەسانی دیکە داگیریان نەکردووە و نەخلیسکاوەتە نێو زەلکاوی نەریتە بازاڕی و باوەکە، کەسێکی ڕەسەنە و خاوەنی خۆیەتی و خۆی بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی دەدات، داهێنەرانە دەژی»١ ئەم بوونە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، خاوەنی بوونی خۆیەتی، سەربەستە، هەروەها نابێتە هۆی داگیرکردنی بوونی ئەوانی تر. هەرچی بوونی ناڕەسەنە پێچەوانەی ئەم بوونەیە. «بوونی ناڕەسەن لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەنێو کولتووری باودا لە بارودۆخێکی دەروونیدا دەژی، کە بەردەوام ئەو بارودۆخە دەروونییە لەگەڵیدایە و بەری نادات، هایدیگەر ئەم بارودۆخە دەروونییە، یان هۆشەکییە ناو دەنێت مەزاج»٢ ئەم بوونە بوونێکی ناجێگیرە، سەربەست نییە، خاوەنی بوونی خۆی نییە، بەڵکو داگیرکراوە هەمیشە لەسەر مەزاج دەژی، بوونێکە هەمیشە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

ئەگەر لێرەوە بچینە نێو چیرۆکی (ڕازی پشت پەردەی نارنجی)ی عەتا نەهایی، ئەم دوو بوونەی تێدا دەدۆزینەوە. سەرەتا دەمەوێ قسەیەێ لەبارەی گێڕەوەی چیرۆکەکە بکەم. ئەم چیرۆکە گێڕەوەیەکی سەیری هەیە، لەوێدا هەست بە دوو گێڕەوە دەکەین. گێڕەوەیەک کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیە، بەڵام خۆی ڕووداوەکانمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو لەڕێی گێڕەوەیەکی ترەوە دەیگێڕێتەوە، وەکو ئەوە وایە کاراکتەری سەرەکی بە زمانێکی بیانی ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، گێڕەوەی دووەم بۆمانی وەربگێڕێت و پاتە بۆمان باس بکاتەوە، هەر لە دەسپێکدا ئەوەمان وەبەرچاو دەکەوێت.» ئەڵێ: «وا دیاربوو دەمێک بێ چاوەڕوانی دەرفەتێک بن، غیرەت و پیاوەتیی خۆیان بنوێنن» ئەم گێڕەوەیە هەمووشتزان نییە، بەڵکو ئەویش کاتێک کاراکتەر ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە ئاگادار بە ڕووداوەکان دەبێ، ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە.

ئیشکردنی عەتا نەهایی لەم چیرۆکەدا ئیشکردنێکی فراوانە، بەواتای ئەوەی بابەتگەلی چەشناوچەشنی بەرباس داوە. باس لە مامۆستایەکی گەنجی نیشتەجێی ژووری پیرەژنێکی گەڕەکێک دەکات، لەبەر ئەوەی پەردەی ژوورەکەی بە درێژایی ڕۆژ، هیچ ڕۆژێک ناجوڵێ و ناکرێتەوە، خەڵکی گەڕەک لێی کۆدەبنەوە و ژوورەکەی بەردباران دەکەن و دەیسووتێنن، چونکە گومانیان لێی کردووە ڕازێک لە پشتی ئەو پەردەوە هەیە. تەنانەت چیرۆکنووس فەنتازیشی تێکەڵی چیرۆکەکەی کردووە، کاتێک بەیانییەک لەخەو هەڵدەستێ، خاتوونی کارەکتەری نێو چیرۆکەکەی لە ژوور سەری وەستاوە. ئەم خاتوونە کاراکتەری نێو ئەو چیرۆکەیە کە مامۆستای گەنج خەریکی نووسینییەتی، کەچی دەبێتە کاراکتەر بۆ ئەم چیرۆکەش. لێرەوەیە مامۆستا خەریکە بوونێکی ڕەسەن بۆخۆی دەخوڵقێنێت، ئەویش لە ڕێی داهێنانەوە. هایدیگەر چەند شتێک بە پێشمەرجی بوون دادەنێت، لەوانە: جیهان، شوێن، بوونی کەسانی بەرابەرمان. بەڵام بەپێی دیدی (د.محەمەد کەمال) دەکارێت داهێنانیش بە پێشمەرجی بوون دابنرێت. هەرچەندە هایدیگەر باسی داهێنانی وەکو پێشمەرجی بوون نەکردووە. کارەکتەری سەرەکی (مامۆستا) هەست بە کەموکوڕی دەکات، هەوڵدەدات ئەو کەموکوڕییە لە ڕێی داهێنانی چیرۆکەوە پڕبکاتەوە. بۆیەش خاتوونێک لەنێو چیرۆکەکەی دەخولقێنێت، لەنێو ژوورەکەشیدا بەرجەستەی دەکات، گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، چونکە کاراکتەر لەنێو کۆمەڵ هەست بە نامۆیی دەکات

# ئیشکردنی عەتا نەهایی
# زیاتر ئیشکردنە لەسەر ژن، ئاریشەی ژن

(هەرچەندە هیچ ئاماژەیەک بۆ نامۆیی نییە، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا بە ناڕاستەوخۆ هەستی پێدەکەین.) ئەویش بە یەک حاڵەت، هەرگیز پەردەی ژوورەکەی ناجوڵێ و ناکرێتەوە، کە دەڕوات دەرگای ژوورەکەی قفڵ دەدات، بەمەیش گومانی لێدەکەن، لە دەرەوە نامۆکراوە، دەسەڵاتی بوونی خۆی لەوێدا دەدۆڕێنێت. بۆیەیش لە ژوورەکەی هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کێماسییە دەدات، کە لە دەرەوە ڕێی پێنادرێت داهێنانەکانی، پرۆژەکانی بخولقێنێت، چونکە ئەوکات دەبێ بکەوێتە ژێر کاریگەریی دابونەریتی بوونە ناڕەسەنەکان و بەپێی یاسا و دابی ئەوان بجوڵێتەوە. ئەم نهێنی شاردنەوەیە هەوڵێکە بۆ نەدۆڕاندنی ناوەڕۆکی خۆی، بەڵام ئەوەی جێی سرنجە، ئەم خۆدروستکردنە، ناوەڕۆک دروستکردنەی کارەکتەر، بە شاراوەییە. ئەو ترسەی لەکن کارەکتەر هەیە، بۆ خۆنەدۆڕاندن، بەڵام بێئاگا لەوەی نهێنیی تایبەتی خۆی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر خودی خۆی. «بۆیە لەم حاڵەدا نابێ کەسەکان نهێنیی تایبەتی خۆیان هەبێت، چونکە بوونی نهێنی نەک یاساغە، بەڵکو هەڵگری هەڕەشەیەکی بەردەوامە»٣. ترسی شاردنەوەی نهێنی، ئەم ترسە دەبێتە دروستبوونی گومان لەکن هەموو تاکێکی ئەو گەڕەک و کۆڵانە، لەبەر ئەوەی بوونی ئەوان بوونێکی ناڕەسەنە، بوونی ئەوان بوونێکی داگیرکراوە، بوونێکە لەلایەن کولتوور و دابونەریتەوە بەڕێوەدەبردرێت. ئەو بوونەی ئەوان هایدیگەر بە بوونێکی بێ داهاتووی دادەنێت. ئەو بوونە ناڕەسەنانە هەمیشە لەنێو ڕابردوودا دەژین، هیچ ڕایەڵێک نییە ڕابردوو و داهاتووی ئەوان بە یەکەوە ببەستێتەوە. هایدیگەر زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەو بوونە ناڕەسەنانە ڕابردوو بە ئێستاوە گرێدەدەن، ناچنە نێو داهاتوو، واتە ڕابردوو هەمیشە کاریگەریی لەسەر هۆشی ئەو بوونە هەیە، بۆیەیش میزاجینە، شانازی بە ڕابردووەوە دەکەن. «ئەوەیش وەها نواندنێک کە ساڵان و مانگانی لەوەدواش وەبیر خۆیان و یەکتری بهێننەوە لە مەیدانی گەڕەک، یان لە چایخانە و بەردوکان و تەنانەت لە شەوگەڕ و دیدەنیشدا بە سەربەرزییەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوە، لەملاولەولاش لە هەر شوێنێک کەسێک خۆی بەکوشتنی فاسقی دوورە خزمێکییەوە هەڵکێشێ، کەسێک باسی سەربڕینی خوشکێکی هەڵخلیسکاو و خەتاکار بکات، یان کەسانێک لە دەرکردنی بە چلەی زستانی بنەماڵەیەکی سووک و تڕۆ لە شار و گەڕەکەکەیان بدوێن، ئەمانیش نەقلێکیان بۆ گێڕانەوە پێ بێت» لەم پەرەگرافەدا ئەوەمان بۆ وەدیاردەکەوێت، هەر تاکێکی ئەو گەڕەکە، وەکو بوونێکی ناڕەسەن دەیەوێت چیرۆکێکی قارەمانێتی بۆ گێڕانەوە لە مەجلیسان پێ بێت. چونکو ئەم بوونانە هەمیشە لە ڕابردوودا دەژین، ڕابردوو بۆ ئەوان مێژوویەکی پڕ لە شانازییە، ئەوان لەم ڕووەوە هەست بە کەموکوڕی ناکەن، چونکە داهاتوویان نییە، ڕابردوو بۆ ئەوان جێی هەموو تشتێک دەگرێتەوە، بۆیەیش ناتوانن هیچ پرۆژەیەکیان بۆ داهاتوو هەبێت.

ئیشکردنی عەتا نەهایی زیاتر ئیشکردنە لەسەر ژن، ئاریشەی ژن. وەکو چۆن لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە) و ڕۆمانەکانی تری بەرباسی داون. ئەم بوونانە هەمیشە لە ئێستادا بەترسەوە دەژین، گومان دەکەن. بۆیەیش نەجوڵانی ئەو پەردەیە ترس و گومان لەکن ئەو بوونە ناڕەسەنانە دروست دەکات، ئەم ترس و گومانە بەڵگەی نەبوونی پرۆژەیە بۆ داهاتوو، ئەوان بۆ بەکۆیلەکردنی ژن، داگیرکردنی بوونی ژن هەموو ڕێیەک دەگرنەبەر. لەلایەکی ترەوە ئەو بوونانە خاوەنی بوونی خۆیان نین، بوونیان داگیرکراوە، بۆیەیش



لە دیدی هایدیگەرەوە بوونی ڕەسەن «ئەو بوونەیە کەسانی دیکە داگیریان نەکردووە و نەخلیسکاوەتە نێو زەلکاوی نەریتە بازاڕی و باوەکە، کەسێکی ڕەسەنە و خاوەنی خۆیەتی و خۆی بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی دەدات، داهێنەرانە دەژی» ئەم بوونە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی



قبووڵی داهاتوو ناکەن، چونکە بوونی کچێکی گەنج لە ماڵێکی ڕەبەن نەخوازراوە، هەرچەندە مامۆستا وەکو بوونێکی ڕەسەن خاوەن پرۆژەی خۆیەتی، ئەویش خولقاندنی ژنە، نووسینەوەی ئاریشەکانی ژنە، هەبوونی ئەم پرۆژەیە ئاریشەی بۆ دروست دەکات، وەکو ئەوە وایە گوناهەکان بنووسێتەوە. لێرەوە فانتازیای چیرۆکەکە دەست پێدەکات. بەوەی خاتوونی کاراکتەری چیرۆکەکەی مامۆستا کە خەریکی نووسینی بوو، دەبێتە کاراکتەرێک لەم چیرۆکەشدا، دەکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ مامۆستا، کە کاراکتەری سەرەکیی ئەم چیرۆکەیە، ئەم خولقاندنی ژنە ئەوەمان نیشاندەدات، کارەکتەری ئەم چیرۆکە بوونێکی ڕەسەنە، ئەو پرۆژەیەکی لەنێو کۆمەڵێک بوونی ناڕەسەن، کە ژن لەوێدا پەراوێزخراوە، تەنیایە، ئەو دەیەوێت ژن بخولقێنێتەوە، بیهێنێتەوە نێو کایەکانی ژیان و بوونی واقیعی و ڕەسەنی پێ ببەخشێتەوە. هەبوونی پرۆژە واتە هەبوونی داهاتوو، بەمەیش داهاتوو کاریگەریی لەسەر ڕابردوو دەبێ، چونکە بوونی ڕەسەن کاری بە ڕابردوو نییە، بەڵکو کار لەسەر داهاتوو دەکا، ئەو لە ئێستادا بۆ داهاتوو دەژیەت، نەک لە ئێستادا بۆ ڕابردوو. ئەگەر پرۆژە هەبێ بۆ داهاتوو، ڕابردووی بوونە ناڕەسەنەکان دەسڕێتەوە، ئەم ترسی سڕینەوە تا ئەبەد دەبێ، ئەم ترسی سڕینەوەیەمان لەنێو چیرۆکەکەدا وەبەرچاو دەکەوی: «ئەوە چ کارێکە کە تۆ و پیرەژن تووشی چەرمەسەری دەکا.

ئەو ئەیگوت: هەر ئەم کارەی کە خەریکە ئەیکەم.

خاتوون ئەیگوت: خۆ تۆ هیچ ناکەی. تۆ تەنیا خەریکی چیرۆکی من ئەنووسی.

چیرۆکی خانمێکی گەنج کە ماڵی کوڕێکی جاهێڵ و ڕەبەن خۆی حەشارداوە.».

بەڕای من ئیشکردنی عەتا نەهایی، ئەم چیرۆکەی پرۆژەیەکی ئایندەیی بووە. بەو واتایەی چیرۆکنووس باس لە نەوەیەک دەکات، خەونی هەیە، داهاتووی دەوێت، چیتر باسی ڕابردوو نەکرێت. بۆ ئەوان (بوونە ناڕەسەنەکان) نایانەوێت هیچ شتێکیان لێ شاراوە بێ. ئەوان دەیانەوێت بوونی تاکەکان داگیربکەن. ئەوان بڕیار لەسەر شێوازی بوونی ئەوان بدەن. ئەوان تاک ناچار بە ملکەچیی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. ئەم هەوڵدانە بۆ داگیرکردنی بوونی تر کۆدێکی تری ئەم چیرۆکەیە. ئەگەر سەیر بکەین هەموو خەڵکی گەڕەک کۆبوونەتەوە بە منداڵانی قوتابخانەیش، هەموو هەوڵێکیان بۆ لەنێوبردنی ژووری مامۆستای گەنجە، ئەو ژوورەی وەکو تەلیسمێک لای ئەوان لێهاتووە، ئەوان هەستیان بە بوونی جیاوازییەک لەو ژوورە دەکرد، بۆیەیش هەوڵی سڕینەوەیان دەدا، چونکە ئەوان (بوونە ناڕەسەنەکان) نایانەوێ کەسێک جیاواز لەوان بیربکاتەوە، هەموو بوونێک دەبێ وەکو ئەوان، یان لەژێر کاریگەریی ئەواندا بیربکاتەوە، یان پرۆژەیەکی جیاواز لە پرۆژەکانی ئەوانی هەبێ، ئەمەیە هۆکاری وێرانکردنی ژوورەکەی. ئەوان هەوڵی داگیرکردنی بوونی ئەویان دەدا. ئەم هەڵوێستەیش لەنێو کۆمەڵێکی خێڵەکی سەر بە کولتوورێکی کۆن لەنێوان نێر و مێدا بەئاشکرا ڕوونە. لەنێو ئەم کۆمەڵانەدا مێ بە ئاشکرا داگیردەکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١.هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٨٥.

٢.سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

٣.چەمک و ئێستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥.